# بـــــــــــــــابـــــــــــــــه

پۆڵا سەعید

ئەی بابە گییان بەم بەهارە کۆڵەپشتی کۆچت
بۆ نایەشان؟
خەمێکی چاوەڕێ نەکراو و تەزیووت
بۆ ئەم ڕێیەت بۆچی کردە ناونیشان؟
دە مەڕۆ بابە هێشتا زووە
هێشتا خونچەی پێکەنینی بەهاری ساڵ
لەم دەڤەرە دیلەدا چرۆی نەکردووە،
تۆ هێشتا ملوانکەی هەزار دەنکەی یادەکانت
لە ملی هیچ یەکێکمان نەکردووە،
لە دوای کۆچت لە کێ پرسم
مەلی ئازاد لە ساماڵی کام ئاسماندا
ئەیداتە شەقەی باڵ؟
لە دەلاقەی کام ڕەهەندەوە
هەوڵبدەین ئەم دەفری چاوەڕوانییە
لە کەلەپچە و پەت و پێوەندەکانی ئیمامەکان
بکەین بەتاڵ؟
بـــــــــــابـــــــــــه .... بـــــــــــابـــــــــــه
لەو ڕۆژەوە تۆ ڕۆیشتوویت لەبەرچاومان
گڕ خواردوویەتی گلێنەکانی گریە و
کروزی جەرگ و هەناومان،
لەو ڕۆژەوە تۆ جێتهێشتووین
بەهاری ساڵ سەراپا وەک گەڵای سەررێ
لە خەزاندا ڕیزی کردووین،
ئیدی بابە لە ڕۆژەوە
خەمی کۆچت وەکوو باران
ڕژاوەتە نێو ڕووباری گریەمانەوە،

08.05.04

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET